# گوناهەکانی دڵنیایی

بەرزان هەستیار
نیسانی 2005
کۆڵن
bhastiar@yahoo.de

من لە ترسی مەرگ
لە کۆڵ ژیان نابمەوە
لە دڵ ڕەقیی ژیانیشە
ناوێرم دەست لە سنەوبەری عیشق بەردەم ؛
جوانمەردیی نییە پێکەنیین ،
لە کاتێکا پەنایەك شك نەبەین
فرمێسکەکانی تیا بشارینەوە ،
من لە نامەردی ڕووناکییە...
بۆ داڵدەی بێ ئۆقرەییم
خۆم ئەکەم بە ژێر کەپری ....
سایە ڕەشی شەوەکانا
لە ترسی پیرییە....
بۆ پێڵاوەکانی منالێیم ئەگەڕێم ،
بۆ کراسەکانی هەرزەییم ،
بۆ چاوبڕکێکانی لاوێتیی ؛
هەست بە وەریین ئەکەم
وەك ئەو ئەرخەوانەی ....
بە دەست بەردە فڕکێی منالانەوە زەلالەتێتی
وەك ئەو گەڵا زەردەی ....
ڕەشەبا ئازایەتیی خۆی بەسەرا ئەنوێنێت

--------

**ماندووم ، چەشنی ئەو بێوەژنەی**
**نازانێ لە پێشا ...**
**کام کراسی تەڕی مەینەتیی بخاتە بەر هەتاو ،**
**ئەو مەیموونەی لە قەفەزێکی ئاسندا**
**ئەبێ ئەو خەڵکە گەلحۆیە بخاتە پێکەنین ؛**
**ئەی " دڵنیایی " بگەرە هانام**
**وا " گومان " بە بەرسیلەیی ...**
**هێشوو بڕم ئەکات**
**وەرە فریام ، بەختی بێ ڕەنگم بگرەوە**
**بزانە عیشق ئەمکوژێت ، یان "پیریی " !**
**لە شەوێکی پڕ شەرابدا ئەمرم ،**
**یان لە تینوێتییدا ڕۆح تەسلیم ئەکەم !**
**ئەی " دڵنیایی " ،**
**ئەوەندە کەللەپووت مەبە**
**لە سووچێکەوە چمکی کراسەکەتم بۆ دەرخە**
**خۆ ئێمە باوکی یەکترمان نەکوشتووە**
**نووکی ئەو چەقۆی " گومان "ە ....**
**لە بەربینم دوور خەرەوە**
**تۆ ، بۆ خۆت لە پەرێز ناوە ...**
**بۆ ڕاو کردنی چرکە ...**
**کەم تەمەنەکانی ئاسوودەییم ؟**
**گوناهت ئەگات ، گوناه**
**من تازە دەرەقەتی ....**
**لەشکری بێ شووماری " گومان " نایەم**
**ئەشکێم ، وەك سوپایەکی بێ سەرکردە**
**ئەڕووخێم ، وەك دیوارێکی دارزاو**
**پەرش ئەبم ، وەك خەرمانێکی بێ خاوەن**
**ئەژاکێم ، وەکو گوڵی بەر ڕەشەبا ،**
**بۆ جارێکیش بووە نەجابەتی خۆت بنوێنە**
**ئەوە ئازایەتیی نییە....**
**بچیت بە گژ مراوییەکی باڵ شکاوا ، ئەی "دڵنیایی "**
**من خۆم دان بەوەدا ئەنێم**
**هەر زوو ئەم زۆرانبازیە ئەدۆڕێنم**
**بازووی ئەوەم پێوە نییە**

..............................................

تا ئەبەد ، شان لەگەڵ " گومان " گیر کەم ؛
من هێندە بەرچاو تەنگ نیم
تەنها چەند ساتێکم ئەوێ ،
ئەخوازم " گومان " چاوێکم لێ غافڵ کا و
فرسەتێ بێنم بۆ مردن ،
یان دەرفەتێ بۆ ئاوەدان بوونەوە ؛
لەسەرشان لەو دەرگایەوە ئاودیو بم
کە هەتا ئێستا نەمدیوە
کەسێ درزێکی تێ کات و
بڵێ : ڕۆژباش ،
من لای "دڵنیایی "یەوە هاتووم
زۆر سڵاوی هەیە بۆت و
ئەڵێ ئەگەر کاتم هەبوو
دەمەو عەسرێ ئەگەمە لای ،
بەر لەوەی دەستی بچێتە خۆی ....
سەرێکی خێرای لێ ئەدەم
پێشی بڵێ با ئەوەندە پەلە نەکات
من هێشتاکە چەند فرسەخێك لێوەی دوورم ؛ .
یان پێم بڵێ : با چارۆکەکەی بپێچێتەوە
ئەیهێنمە ماڵەکەی خۆم ، چاو گەرم کات
ئەزانم ژەنگی کردووە ،
ئەو شاعیرە خەریکە ئەبێ بە باران
بارانێك وشك وشك ڕەهێڵە ئەکات ؛.
کەس نییە وەهام پێ بڵێ ،
کەس نییە ، کەس !